دژەتیرەر ژمارەیەك تیررستی داعشی لە سنوری شارەزور دەستگیر کرد

لە ئەپەراسیۆنێکی وردی هەواڵگریدا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دژەتیرەر توانی ژمارەیەك تیررستی داعش لە سنوری شارەزور دەستگیربکات، ئەپەراسیۆنەکە دوای چاودێری و بەدواداچونی ورد ئەنجامدرا.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دژە تیرەر، تیمەتبارە دەستگیرکراوەکان خەڵکی پارێزگای سەڵاحەدینن و لە کاتی دەسەڵاتی ڕێکخراوی تیررستیی داعشدا لە چەندین پۆستی جیاوازدا کاریان کردوە، تیمەتبارەکان لە چەندین کردەوەی تیرریستی و پێشێلکاری مافی مرۆڤدا دەستیان هەبوە.
هێزەکانی دژەتیرەر لە ئەپەراسیۆنێکی خێرا و بێ زیاندا توانییان تیمەتبارەکان دەستگیر بکەن و ئامادەستی دادگای تایبەتمەندیان بکەن بە لێپێچینەوەی یاسایی.
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دژەتیرەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەردەوام دەبێت لە ئەپەراسیۆنەکانی بۆ دەستگیرکردن و لەناوبردنی هەمو تیررستان و شانە نوستوەکانی داعش لە سەرانسەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان.